# ڕووە ڕاستەکان هەر دەرئەکەون، درەنگ یا زوو!!

**نووسینی/عباس عبدالله**

٢٥-٢-٢٠٠٦

من لێرەدا ئەمەوێت ڕۆشناییەک بخەمە سەر بیرو بۆچوونەکانی مەریووان هەلەبجەیی کە لەکتێبەکەیدا (سێکس و شەرع و ژن لەئیسلامدا) هاتووە کە بەهۆیەوە فتوای کوشتن دژی دەرچووە.

کاک مەریوان ی روناکبیر ڕاستی ئیسلامی جارێکی تر روونترو ئاشکراتر خستۆتەوە بەرچاوی ئەو کەسانەی کە نەیانتوانیوە ئەو راستیە ببینن بەهۆی بیر تەسکی خۆیان و ئەو ترسە وەهمیەی کەلایان دروست کراوە کە ئەگەر باس لە ئیسلام بکەن وەیان تەنانەت ئەگەر گومانیش لە دلیاندا بێت ئەوا خوای ئیسلام و محمدی پێغەمبەر غەزەبیان لێ دەگرێ.

مەریوان هەڵەبجەیی نەیویستووە چەواشەی بیری خەڵک بکات وەک پیاوانی ئایینی ئەیکەن. بەڵکو ئەو چەواشەکاریەی لەلایەن ئەوانەوە لە سەرهەڵدانی ئیسلامەوە ئەکرێ ئەم پەردەی لەڕووهەڵماڵیوەو ڕووە ڕاستەکەی پیشانی خەڵک داوە.

گەلی کورد زیاتر لە هەموو گەلانی جیهان پێویستی بە کەسانی رۆشنبیری چاونەترسی وەک مەریوان هەلەبجەیی هەیە چونکە نەک هەر شۆڤێنـزمی عەرەبی لەرێگەی ئیسلامەوە هەمیشە سەرچاوەی گەورەی هەرەشە بووە بۆ سەر بیری نیشتمانپەروەرو ئازادیخوازی گەلی کورد بەڵکو وولاتە ئیسلامیەکانی تریش کاتێ دێتە سەر ئازادی نیشتمانی دژی گەلی کورد ئەوەستنەوە و ئەم مافە بەکورد ڕەوا نابینن وئەمەش بەپلەی یەکەم بیروباوەڕی ئایینیان ڕۆڵی تیا ئەبینێ. لەهەمان کاتیشدا هیچ کام لەم وولاتانە ئامادە نین بچوکترین مافی نیشتمانیان بۆ ئیسلام واز لێ بهێنن.

هەر لەسەردەمی پێغەمبەری ئیسلامەوە هەتا ئێستا لەهەر شوێنێکی ئەم جیهانەدا ڕەخنە لە ئیسلام گیرابێ هیچ ئیسلامێک، ئەگەر دەسەلاتی هەبووبێ، ئامادەی ووتووێژی زانستی و بەیەکتر سەلماندنی هێمنانە نەبووە بەڵکو بەئاگرو ئاسن وەلامی ڕەخنەگریان داوەتەوەو فتوای کوشتنیان داوە. ئەگەر ئیسلام وەئەوانەی ئیدیعای رەهایی وراستی ئیسلام ئەکەن بەگومان نین لە ئاینەکەو لەخۆشیان بۆچی هەرگیز ئامادەنابن ووتووێژ لەسەر بنەمای بەلگەو بەیەکتری سەلماندن بکەن لەگەل ئەوانەی کە گومانیان هەیە و ڕەخنە لەئیسلام ئەگرن؟

تەنانەت ئەگەر نەشچینە نـــاو لێکدانەوەی ووردی ووشەو دێرەکانی قورئـــان بۆمان دەرئەکەوێ کەئەگەر قبولی ئەوەش بکەین کە ئیسلام نێردراوی خوایە ناتوانین ئەوە قبولْ بکەین کە دەسکاری نەکراوەو قسەی خوا وەک خۆی و دەقاو دەق نووسراوەتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش ئەتوانین بەئیسلام خۆی وەلامی ئەم راستیە بدەینەوە.

مێژووی ئیسلام دان بەو ڕستیەدا ئەنێ کە لەسەردەمی سەرهەلدانی ئیسلامدا عەرەب یەکێ بووە لە دواکەوتووترین نەتەوەکانی سەرزەمین هەروەها دان بەو ڕاستیەشدا ئەنێ کە قورئان دوای چەندین سالْ لە هاتنەخوارەوەی لەسەردەمی خەلیفە عوسماندا نووسرایەوە. ئایا چۆن ڕێ ی تێ ئەچێ کە بنەڕەتی ئایینێک بەو هەموو گرنگی یە یەوە ساڵەهای ساڵ بەسەرزاری دواکەوتوو ترین نەتەوەی سەرزەمینەوە بێ هیچ گۆڕانکاریەک مابێتەوە ؟! مسوڵمانان ئەڵێن کە گوایە خوا خۆی پاراستوویەتی. بەڵام هەر خۆیان ئەڵێن کە گوایە ئینجیل نێردراوی خوایە بۆ عیسی بەڵام دەسکاری کراوە. سەیر لێرەدا لەوەدایە بۆ ئەبێ هەمان خوا مەبەستی بێ یەکێ لە پەیامەکانی خۆی بپارێزێ و ئەوی تریان نا؟! خۆ ئەمە مرۆڤێک نی یە دوای ماوەیەک فکری کاملْ تر بووبێ و لە کرداری پێشووی پەشیمان بووبێتەوە.

هەموو زانایەکی ئاییینی دان بەو ڕاستیەدا ئەنێ کە زنجیرەی هاتنە خوارەوەی سورەت و ئایەتەکانی قورئان بەو شێوەیە نەبووە کە ئێستا لەبەردەستدایە. کەواتە ئەمە خۆی لەخۆیدا سادەترین شێوەی سەلماندنی ئەوڕاستیەیە کە قورئانیش دەسکاری کراوە تەنانەت ئەگەر قبولی ئەوەش بکەین کە نێردراوی خوایە.

ئاینی ئیسلام محمدی پێغەمبەر کە پێشەوا ی ئیسلام بووە وەک مرۆڤێک سەیر ئەکات بێ کێشانی هیچ چوارچێوەیەکی تایبەت بەدەر لە سروشتی مرۆڤ. کەواتە پێغەمبەرغەریزەو ویست و ئارەزووی وەک هەرمرۆڤێک تیا بووە و هەر ئەمەش وای لێکردووە هەتا بیست ژن بهێنێ و هەر ئەم حەزو ئارەزوەش وایکردووە کە ئافرەت لە غەزوەکانی ئیسلامدا وەک دەسکەوتی شەڕ حسابی بۆ کراوە.

بەپێ ی ئایینی ئیسلام هەموو کەس ڕێگەی پێدراوە بەرگری لە ماڵ و سەروەت و خاکی خۆی بکات کاتێ هێرش ئەکرێتە سەری. بەلام خۆ کەس هێرشی نەکردە سەر ئیسلام و بەرەنگاری نەبووەوە هەتا ئیسلام نەیویست بەزەبری هێز خۆی بسەپێنێ.

کاتێ پێغەمبەرو هاوڕێیانی کۆچیان کرد لەمەککەوە بۆ مەدینە پێغەمبەر بۆ ئەوەی دڵنیایان کاتەوە پێی ووتن (لکم دینکم ولی دین) ئەمە لەکاتێکدا لاوازو بێ دەسەلات بوو. بەلام کاتێ هەستی بە بەهێزی خۆی کرد ئەو باوەڕە لەئارادا نەماو یەک لەدوای یەک بەبیانووی گومڕایی و لەڕێ لادانەوە لەناوی بردن.

ئەمە هەر تێ ڕوانینێکی سەرپێیی ئیسلامە هیوادارم مسوڵمانان زیاتر چاو بکەنەوەو واز لە فتوای کوشتنی بەناهەق بهێنن و بێنە مەیدانی بەیەکتری سەلماندنەوە لەگەڵ کەسانی پسپۆڕی بەرەی بەرامبەریان.